# اثر استراتيجية (قف، ارفع يدك، شارك)في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية عند طلاب الصف الثامن الأساسي وتنميه تفكيرهم التاملي

**دانا جواد حمه كاكي**
Dana.hama2306m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**أ. علي داود جوامير**
**جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية**

**الملخص**

يهدف البحث الحالي إلى معرفة ما يلي **[أثر استراتيجية "قف، ارفع يدك، شارك"]** في تحصيل قواعد اللغة الكردية لدى طلبة الصف الثامن الأساسي وتنمية التفكير التأملي لديهم ولتحقيق هذا الهدف اتبع الباحث المنهج التجريبي واختبر الفرضيتين الصفريتين اقتصرت وبعد تحديد المادة العلمية، صاغ الباحث (٨٨) هدفاً سلوكياً موزعة على المستويات الثلاثة الأولى من تصنيف بلوم (المعرفة، والفهم، والتطبيق) في المجال المعرفي. وأعد خططاً تدريسية للمجموعتين هذه الدراسة على طلاب الصف الثامن الاساسي من الذكور في المدارس النهارية الحكومية التابعة للمديرية العامة للتربية في محافظة كركوك للعام الدراسي (٢٠٢٤-٢٠٢٥). وقد اختار الباحث مدرسة (فەلەكەدین كاكەیي) المتوسطة للبنينو وتم اختيار صفين الصف (أ) كمجموعة تجريبية (٢٤ طالباً)، تم تدريسهم باستخدام استراتيجية (قف، ارفع يدك، شارك) الصف (ب) كمجموعة ضابطة (٢٥ طالباً)، تم تدريسهم بالطريقة التقليدية تم تطبيق التجربة خلال الفصل الدراسي الأول. وتأكد الباحث من التكافؤ بين المجموعتين في عدة متغيرات.

**الكلمات المفتاحية: استراتيجية (قف، ارفع يدك، شارك)، مادة قواعد اللغة الكردية تنميه تفكيرهم التاملي.**

# پوختەی توێژینەوەکە کاریگەریی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردیی لەلای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی وگەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕامانییاندا

**دانا جواد حەمە کاکەیی**

**پرۆفیسۆر عەلی داوود جوامێر**

**زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**ملخص**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی:- **(کاریگەریی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) لە دەستکەوتی بابەتی ڕێزمانی کوردیی لە لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی وگەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕامانییاندا)**، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ڕێبازی ئەزموونی گرتوتەبەر، و بە پشتڕاستکردنەوەی دوو گریمانە سفری داڕشت و پاش ئەوەی توێژەر هەستا بەدیاریکردنی بابەتی زانستی، توێژەر ئامانجە ڕەفتارییەکانی داڕشت کە دەکاتە (٨٨) ئامانجی ڕەفتاری دابەشکراو بەسەر سێ ئاست یەکەمی پۆلێنکردنی بلووم (زانین، تێگەیشتن، جێبەجێ کردن) و بواری مەعریفی، توێژەر پلانی وانەوتنەوەی بۆهەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئامادە کرد. ئەم توێژینەوەیە سنووردار بوو بۆ قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، لە قوتابخانە حکومییەکانی ناوەندی ودواناوەندی حکومی کوڕان و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای کەرکوک بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥) و هەڵبژاردن کەوتە سەر ناوەندی (فەلەکەدین کاکەیی) کوڕان و دوو هۆبە هەڵبژێردران هۆبەی (ا) نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ئەزموونی بکات کە بەپێی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزبکەرەو، بەشداربە) وانە دەخوێنن و ژمارەی قوتابیانی (٢٤) قوتابی بووە، هۆبەی (ب) نوێنەرایەتی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بکات کە بە ڕێگای ئاسایی (تەقلیدی) وانە دەخوێنن، کە ژمارەیان (٢٥) قوتابی بووە.

# The Effect of the Strategy (Stand, Raise your hand, Participate) on the Achievement of the Grammar Subject of the Kurdish Language among Eighth Grade Students and the Development of their Reflective Thinking

**Dana Jawad Hama Kaki**

**Prof. Ali Dawood Jawamir**

**Ministry of Higher Education & ScientificResearch**

**University of Baghdad**

**College of Education Ibn Rushd for Human**

**Sciences Department of Kurdish Language**

## Abstract

This research aims to investigate: *(The impact of the (feeling, raising hands, participating) strategy on the acquisition of Kurdish grammar among eighth-grade primary students and the development of their logical thinking)*. To achieve the research objective, the researcher adopted an experimental approach, formulated two null hypotheses, and

after identifying the scientific topic, the researcher established behavioral objectives totaling (88) behavioral objectives, distributed across the three primary levels of Bloom's Taxonomy (knowledge, comprehension, application) within the cognitive domain. The researcher prepared lesson plans for both experimental groups in the study. This study was limited to eighth-grade primary students in government schools (intermediate and secondary) for boys under the General Directorate of Education in Kirkuk Governorate for the academic year (2024-2025). The selection focused on **(Falakaddin Kakai) Boys' School**, with two groups chosen: **Group (A)** represented the experimental group, taught using the *(feeling, raising hands, participating)* strategy, consisting of (24) students. **Group (B)** represented the control group, taught using the traditional (conventional) method, consisting of (25) students.

**Keywords: Stand, Raise, Share Strategy, Grammar Rules Conference Developing Their Young Thinkers**

## ناونیشانی توێژینەوەکە

### بەشی یەکەم

### یەکەم:- کێشەی توێژینەوەکە:-

وانەوتنەوە لەسەر بنەمای پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری بۆتە جۆرێک لە وانەوتنەوە کە پێداویستییەکانی فێرکردن پڕناکاتەوە، چونکە فێرکردن ئامانجی دابینکردنی زانیارییە بۆ قوتابی بەبێ جەختکردنەوە لەسەر توانای خۆی بۆ بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە لەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، فێرکردنێك کە پشت بە گواستنەوەی زانیاری ببەستێت بێگومان ئەو فێرکردنەیە کە دوورە لە بەدیهێنانی ئامانجەکان وپێداویستییە فێرکارییەکان و یەکێک لە دیارترین دەرئەنجامەکانی ئەوەیە کە پرۆسەکە جەخت لەسەر ئامادەکردنی قوتابی دەکاتەوە بۆ قۆناغە خوازراوەکانی ژیان لە داهاتوودا لەڕێگەی ئەوەی کە لە خوێندن و توێژینەوەکاندا پێشکەش دەکرێت ئاستەنگ هەن کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکانی پەروەردە دەبنەوە کە بریتییە لە کەمی دەستکەوت لە کەرەستەی ڕێزمانی کوردی وبەتایبەتی لەنێو قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا، توێژەر بۆی دەرکەوتووە کەنمرەی قوتابییان دابەزینی بەخۆوە بینیوە بەتێڕوانینی لە نمرەکانی ساڵانی پێشوویان و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ڕێگا و ستراتیژی فێرکردن کە ناگاتە ئاستی ئاواتخوازی کە کار بۆ گۆڕینی قوتابی دەکات بۆ شتێک کەوەکو ڕۆبۆتێک جگە لەو زانیاریانەی کە لە

مێشکیدا هەڵگیراون هیچی نوێی نییە ، توێژەر پێداچوونەوە بۆ توێژینەوەکانی پەیوەست بە ڕێزمانی کوردی و شێوازەکانی فێرکردن کردووە، وەک توێژینەوەی (احمد، ٢٠١٩)، توێژینەوەی (نەجم، ٢٠٢٣) و توێژینەوەی (وە لی, ٢٠٢٤) و توێژەر بۆی دەرکەوتووە کە هەندێک نیشانە هەن کە ئاماژەن بۆ کەم گرنگیدانی مامۆستایانی زمانی کوردی لە بەکارهێنانی ئەو ستراتیژییانەی کە قوتابی ئارەزووی دەکات .

ئەو ئەزموونەی توێژەر لە وانەوتنەوەی ڕێزمانی کوردی هەیەتی کە ماوەی شەش ساڵە لە وانەوتنەوە بەردەوامە و هەروەها تێکەڵ بەژیانی مامۆستایان و قوتابیان بووە، ڕاپرسیەکی ئامادە کرد کە ژمارەیەک پرسیاری لەخۆ دەگرێ سەبارەت بە ڕێگای وانە وتنەوەی ڕێزمانی کوردی ودەرکەوت کە لاوازیەك هەیە لەم بابەتە و ڕاپرسیەکە ئاراستەی (١٥) مامۆستا کرا وەک لە پاشکۆی (٥) دا هاتووە بۆ زانینی ئەو شێوازانەی کە مامۆستایان پەیڕەوی دەکەن و دوای پێداچوونەوە بە وەڵامەکاندا تێبینی ئەمانەی کرد :

**یەکەم:** دورکەوتنەوەی مامۆستایانی زمانی کوردی لەستراتیژییە نوێیەکان و زۆرینەی مامۆستایان پشت بە ڕیگای ئاسایی (تەقلیدی)دەبەستن.

**دووەم:** کاری مامۆستا تەنها گواستنەوەی زانیارییە بۆ قوتابیان بەبێ پشت بەستن بە پێشکەوتنی هیچ کارامایەکی قوتابییان کە یارمەتی بدات بۆ پێشکەوتنی بیرکردنەوەی و دەرخستنی کەسایەتی خۆی لە بیرکردنەوەدا.

**سێیەم:** دوورکەوتنەوەی قوتابییان لە خوێندنی ڕێزمانی کوردی و ئارەزووی خوێندنی ناکەن چونکە وەک ماددەیەکی وشك دەیبینن و تەنها پشت بە وەرگرتنی زانیاری و لەبەرکردنی یاساکان ونەبوونی زانیاری پێشوو لە ڕێزماندا.

توێژەر پێیوایە توانای مامۆستا بۆ بابەت و بەکارهێنانی ڕێگای نوێ لە وانەوتنەوە کە قوتابی ڕووبەڕووی کێشە و گرفت لە تێگەیشتن دەبێتەوە وگرفت و گرانی لە سروشتی ڕێزمانی کوردیدا نییە بەڵکو لە وانەوتنەوەیە بە ڕێگا تەقلیدییەکان بۆیە هەڵبژاردنی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) کە یەکێکە لە ستراتیژییە نوێیەکان وەک پێوەرێکە بۆ نەهێشتنی ئەم کێشانە و ڕزگاربوون لەو کێشانەی کە باس کران، کەواتە لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەدا دیاریبکرێت:

**ئایا کاریگەری ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) چییە لە فێربوونی ڕێزمانی کوردی لەلای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕامانییاندا؟**

**دووەم: - گرنگی توێژینەوەکە:-**

پەروەردە پرۆسەیەکە کە تاکەکان لەڕێگەی ئەوەوە کەلتووری کۆمەڵگاکەی خۆیان بەدەست

دەهێنن و لەپەروەردەوە مانای ئەخلاقی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسەت وەردەگرێت کە کۆمەڵگا بە گشتی دەبینن و لەم پرۆسەوە تاک ئەو لێهاتوویە کۆمەڵایەتییەی دەست دەکەوێت کە شیاوی دەکات بۆ ژیان لە کۆمەڵگایەکەیدا (احمد، ٢٠١٣،ل.٥)

لەم ساڵانی کۆتاییدا جیهان بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لەپێشکەوتنی مەعریفە و زانستی پەیوەست بەمرۆڤ و لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەهاندانی ئەوکۆمەڵگایانەی کە زیاتر کە بەدوای پێشکەوتندا دە گەڕێن و گۆڕانکاری ڕیشەیی بەرچاو لەسیاسەت و ئابووری و پلان و بەرنامە و ڕێگای فێربوونیاندا و بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم شارستانیەدا بیگونجێن و لەبەر ئەوەی پەروەردە ئامرازی کۆمەڵگایە و پەروەردە ئە و ئاوێنە یە کە وێنەی کۆمەڵگا دەردەخات دەبوو لەگەڵ ئەم پەرەسەندنەی مەعریفیدا بگونجێت و بەم شێوەیەش بووە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی کاریگەری بەدەستهێنانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و یەکگرتنی چوارچێوەی فیکری و ڕۆشنبیری و لەم ڕووەشەوە یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی یەکەیەکی فیکری ڕێکخەراو کە شێوازی زانستی و تەکنیکە پێشکەوتووەکانی وەردەگرێت (البجة، ٢٠٠٠،ل.٣٥)

گومان لەوەدا نییە ئەو پەروەردەیەی لەگەڵ پێشکەوتندا بگونجێت پەروەردەیەکی داهێنەرانەیە, کە ئامانجی پەرەپێدانی توانای خودە و لەم ڕووەشەوە ئامانجی پەروەردە تەنیا فێرکردنی کۆمەڵێک زانیاری و زانست نییە بەڵکو پەرەپێدانی توانا و کارامەیی مرۆڤە کەیە کە یارمەتي تێگەیشتنی زیاتر لە ڕووداوەکانی دەوروبەری دەدات، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە تێروانینی ئەمڕۆ بۆ پەروەردە وفێرکردن وەک پرۆسەیەکی گەشەپێدانی بەرهەمهێنەر و وەبەرهێنانێکی درێژخایەن و بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگایە بۆ پێشکەوتن و ئامرازی سەرەکی لێهاتوویی سەرچاوە مرۆییەکانە (سلمان, ٢٠٠٩،ل.١٩٧)

**- وەکو باسکرا گرنگی توێژینەوەکە لەمانەدا دەردەکەوێت:**

١- گرنگی پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ ئامادەکردنی ژیانی مرۆڤایەتی و کاردەکات لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی لەهەموو ڕوویەکەوە.

٢ - گرنگی زمان، چونکە ئامرازی پەیوەندی و ئاوێنەی کۆمەڵگاکانە.

٣- گرنگی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) لەچالاککردنی ڕۆڵی قوتابی، و وروژاندنی شێوە جۆراوجۆرەکانی بیرکردنەوە و ڕووداوەکانی فێربوونی کاریگەر و بەدەستهێنانی ئەنجامە خوازراوەکانە.

٤- گرنگی دەستکەوت وەک پێوانەیەکی ڕاستەقینە کە پشتی پێ دەبەستین بۆ زانینی ڕێژەی زیرەکی هزری و مەعریفی قوتابی و لەڕێگەی وەڵامەکانی بۆ تاقیکردنەوەکانی دەستکەوت.

٥- گرنگی بیرکردنەوەی ڕامان وەک جۆرێک لە بیرکردنەوە کە پشت بە بێلایەنی و بابەتی

دەبەستێت لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

**سێیەم:- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:-**

١- ئامانجی توێژینەوەکە دۆزینەوەی کاریگەری ستراتیژییەتی(هەستە، دەست بەرزبکەرەوە، بەشداربە) لە دەستکەوتی ڕێزمانی کوردی لە نێو قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا .

٢- ئامانجی توێژینەوەکە دۆزینەوەی کاریگەری ستراتیژییەتی(هەستە، دەست بەرزبکەرەوە، بەشداربە) لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕامانە لە نێو قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتیدا.

**چوارەم:- گریمانەکانی توێژینەوەکە:-**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەرئەم گریمانانەی خوارەوەی داناوە:

١- جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی قوتابییان نییە، لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بەپێی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزبکەرەوە، بەشداربە) دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی (تەقلیدی) دەخوێنن.-

٢- جیاوازی ئاماژەپێکراوی ئاماری لە پێوەری بیرکردنەوەی ڕامانی قوتابییان نییە، لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی ڕێزمانی کوردی بە پێی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزبکەرەو، بەشداربە) دەخوێنن و ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەڕێگای ئاسایی (تەقلیدی) دەخوێنن.

**پێنجەم:- سنوورەی توێژینەوەکە:-**

١- سنووری کاتی: توێژەر سنووری کاتی ئەم توێژینەوەیەی دیاری کردووە ماوەی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکە، وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندن (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

٢ - سنووری شوێنی: توێژەر سنووری شوێنی ئەم توێژینەوەیەی لە شاری کەرکوک ، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە پارێزگای کەرکوک دیاری کردووە .

٣- سنووری مرۆیی: قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەدییەکانی حکومی بەیانیانی کوڕان.

٤ - سنووری بابەتی: ا - پەرتووکی زمان و ئەدەبی کووردی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بڕیارلێدراو لەلایەن وزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان عێراق .

ب- بابەتەکانی ڕێزمان، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤- ٢٠٢٥)(ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە، ناو لە ڕووی ناسینەوە، ناوی تاک و ناوی کۆ، نیشانە تایبەتەکانی نێر و مێ، جێناوی کەسی لکاو کۆمەڵەی یەکەم، جێناوی کەسی لکاو کۆمەڵەی دووەم، جێناوی کەسی لکاو کۆمەڵەی سێیەم،

هاوڵناو چۆنییەتی و جۆرەکانی لە ڕووی داڕشتنەوە، پلەکانی هاوڵناوی چۆنییەتی).

**شەشەم:- دیاریکردنی زاراوەکان :-**

**یەکەم: کاریگەری:-**

**١- صالح (٢٠١٤)**

"توانای ئەو فاکتەرەیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ئەرێنی، بەڵام ئەگەر ئەم ئەنجامە شکستی هێنا و بەدەست نەهات، لەوانەیە فاکتەرەکە یەکێک بێت لە هۆکارە ڕاستەوخۆکانی ئەنجامە نەرێ نەکان"(ل.٢٢).

**٢- عبید (٢٠٢٠)**

"توانای ئەو فاکتەرەیە لە بابەتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی ئەرێنی، بەڵام ئەگەر ئەو ئەنجامە نەمێنێت وئەو فاکتەرە بەدەست نەهێنرێت، لەوانەیە ببێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ لێکەوتەی نەرێنی"(ل.٢٨٧).

**٣- جوامێر (٢٠٢٤)**

"ئەمە بڕی ئەو گۆڕانکاریانەیە کەلە ڕێگای وانە وتنەوە، و لە دەرئەنجامەکانی فێربوونی مەعریفی قوتابییاندا دەردەکەوێت"(ل.١٠٠).

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەری:-**

"ئەو گۆڕانکارییە مەعریفیەیە مەبەستدارەیە کە لە نێوان قوتابییانی گروپی ئەزموونیدا ڕوودەدات لە ئەنجامی بەرکەوتنیان لەگەڵ گۆڕاوی سەربەخۆی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) و لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دەستکەوت و تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕامان دەپێورێت".

**دووەم: - ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە): -**

**١- الشمری (٢٠١١)**

ستراتیژێکی ئاسان و سەرنجڕاکێشە ودەبێتە هۆی لابردنی بێزاری لای قوتابییان دوای دانیشتنیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ قوتابییانی سەرەتایی گونجاوە چونکە پەرە دەدات بە کارامایی و پەیوەندی و گفتوگۆ لە پرسیارێك یان چالاکیەك کە مامۆستا پێشکەشی دەکات و بڕیاردان یان وەڵامی درووست لەلایەن قوتابیەوە دەدرێت پاش گفتوگۆکردن و پشتگیری هاوپۆلەکەی (ل.٤٤).

**٢- أمبو سعیدي والحوسنیة (٢٠١٦)**

بیرۆکەی ستراتیژیەکە لابردنی بێزارییە لای قوتابیان، بەتایبەتی پاش ماوەیەکی درێژ دانیشتن لە پۆلدا، کە مامۆستا بابەتێک یان پرسیارێکی تایبەت دەخاتە سەر تەختە، پاشان بە دەنگی بەرز دەڵێت هەستە. دەست بەرز بکەرەوە بەشداربە، هەر خوێندکارێک هەڵدەستێت و

دەستی بەرز دەکاتەوە و بەدوای هاوپۆلێکی گروپێکی تردا دەگەڕێت بۆ چەپڵە لێدان بەدەستیان و چارەسەرکردنی چالاکیەکان بەیەکەوە(ل.٤٢٤).

**سێیەم: دەستکەوت:-**

**١- بقلي وحسنين ( ٢٠١٧ )**

دەستکەوتێکە لە زنجیرەیەک تاقیکردنەوەی پەروەردەیی لە قوتابخانە، و بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ وەسفکردنی دەستکەوتەکان لە بابەتە میتۆدیۆلۆژییەکان بەکاردەهێنرێت(ل.١٢٨).

**٢- حسين (٢٠٢١)**

کۆمەڵێک ڕێکارە کە قوتابی دەتوانێت بە هەوڵەکانی خۆی بگاتێ، تا بتوانێت دەستکەوتی باش بەدەست بهێنێت (ل.١٢٢).

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ دەستکەوت:-**

"بریتییە لەو نمرەیەی کە خوێندکاران لە بواری خوێندن کە لە دەسکەوتی چەند تاقیکردنەوەیەك بەدەستی دەهێنێت" .

**چوارەم:- ڕێزمانی کوردی:-**

**١- زاخویی (٢٠٠٨)**

"ڕێزمان زانین و ئاخاوتنە، خوێندن و نووسینی کوردی یە بە دروستی"(ل.١٧).

**٢- خۆشناو(٢٠١٣)**

"ڕێزمان ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، کە لە هەردوو لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی دەکۆڵێتەوە" (ل.١٤).

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ ڕێزمانی کوردی:-**

"ڕێزمان سەرجەم ئەو یاساو ڕێسایانە لەخۆ دەگرێت کە هەر ئاخێوەری زمانێک بەکاری دەهێنێت بۆ ئاخاوتن و لەیەکتر تێگەیشتن" .

**پێنجەم:- بیرکردنەوەی ڕامان:-**

**١- البيضاني (٢٠٢١)**

"پرۆسەی بیرکردنەوەی هزری کە تێیدا تێگەیشتنی هەستیاریی خوێندکاران لەگەڵ ئەزموونەکانیان و زیرەکییاندا کارلێک دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، و بە هاندەر و بەبێ ڕێگری جێبەجێ دەکات" (ل.٩٨).

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ بیرکردنەوەی ڕامان:-**

"یەکێکە لە جۆرەکانی بیرکردنەوە، قوتابی ڕامان دەکات بۆ ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە، هەروەها شیکردنەوەی بۆ دەکات تا دەگاتە ئامانجی دیاری کراو، ئەو نمرەیی بەدەستی دەهێنێت لە پێوەری بیرکردنەوەی ڕاماندا لە وڵامدانەوەی ئەو بڕگانەدا بەدەستی دێنێت کە توێژەر دایڕشتوە".

**بەشی دووەم**

**تەوەرەی یەکەم: لایەنی تیۆری**

ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک، ئەم ستراتیژە لەسەر بنەمای تیۆری بونیادگەری دامەزراوە، بۆیە تیشک دەخەینە سەر ئەم تیۆرییە.

**یەکەم:- تیۆری بونیادگەری:-**

ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم لە ڕێگەی بۆچوونەکانی فەیلەسوفی ئیتاڵی جیلوسوفکیو کە ئاماژەی بەوەدا کە مرۆڤ دەتوانێت لەوە تێبگات کە خۆی دروستی دەکات و چەندین تیۆر هەن کە بەشدارییان کردووە لە بلووری بیرۆکەی بونیادگەری وەک (دێکارت ) و (ژان پیاژە )ی خاوەن تیۆری مەعریفی پەرەسەندن (زیتون و زیتون, ٢٠٠٣،ل.٢٧- ٢٨) ئەمە پرۆسەی وەرگرتن دەنوێنێت کە بریتییە لە بنیاتنانەوەی قوتابییان بۆ مانایەکی نوێ لە چوارچێوەی زانیارییەکانیان لەگەڵ ئەزموونی پێشوویان و ژینگەی فێربوونیان، چونکە هەم ئەزموونی ژیانی ڕاستەقینە و هەم زانیاری پێشوو، لەگەڵ کەش و هەوای فێربوون، بڕبڕەی پشتی بونیادگەری دەنوێنێت (زیتون, ٢٠٠٢،ل.٢١٢)

**دووەم: فێربوونی چالاک:-**

فێربوونی چالاک ئەزموونێکی فرە ئاراستەیە و فێربوونی تێدا ڕوودەدات لە مامۆستاوە بۆ قوتابی و لە قوتابییەوە بۆ مامۆستا و ئامانج لەم فێربوونەش بەرزکردنەوەی خووی بیرکردنەوەی قوتابییانە کە چۆن فێردەبن و چی فێردەبن و بەرپرسیارێتییەکی زۆرتر و پلەدار لە ئەستۆ دەگرن لەپێناو فێربوونی خۆیان، مامۆستا لە فێربوونی چالاکدا دەیەوێت قوتابییان بە زانیاری و شارەزاییەوە پۆل بەجێبهێڵن کە پێشتر و کاتی دەستپێکردنی وانەکە نەیانبووە وبە هیوایەی مانەوەی ئەم زانستە و جێبەجێکردنی لە شوێنی نوێدا و بنیاتنان لەسەر ئەم فێربوونە بۆ پەرەپێدانی زانستیان، و تێڕوانینی نوێ بنیات بنێن و بەردەوام بوون لە پرۆسەی فێربوون. ( Jennifer,&Donald, 2013,p. 27)

**ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی چالاک**

١-هاندانی قوتابییان و یارمەتیدانیان بۆ فێربوون.

٢- دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان چالاکییە پەروەردەییەکانی تاک و کۆمەڵ.

٣- بەردەوامی تەوژم لە پرۆسەی فێربووندا دەپارێزێت

٤- هاندانی کارلێک لە نێوان قوتابییان.

٥- پلاندانانی پێشوەختەی باش بۆ ئەزموونی فێربوون و فێرکردن.

٦- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی نوێی فێربوون کە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی توانای بیرکردنەوەی قوتابییان .(رضا، ٢٠٢١،ل.٣٢)

٧- ژینگەی فێربوون و دیزاینی وانەکان و چالاکیەکانیان ڕێکدەخات.

٨- دیاریکردنی سەرچاوەکانی فێربوون و ئامرازەکانی فێربوون.

٩- بەشداریکردنی سەرجەم قوتابییان لە چالاکیەکانی فێربوون.

١٠- ئەو پرسیارانەی کە هانی بیرکردنەوە و تێرامان دەدات .(عطية، ٢٠١٨،ل.٤٣)

**ڕۆڵی قوتابی لە فێربوونی چالاک**

ڕۆڵی قوتابی لە فێربوونی چالاکدا گرنگ و هەمەچەشنە .

١- قوتابی چالاک هەست دەکات کە کۆنترۆڵی زانیاریەکان و خاوەندارێتیان دەکات بەو مانایەی کە دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی مەعریفی.

٢- قوتابی چالاک گرنگی کات دەزانێت، کاتەکەی بەپێی پێداویستییەکانی کار ڕێکدەخات و پێشوەخت کارەکەی تەواو دەکات

٣. ئارەزووی ڕاستەقینە بۆ بەشداریکردن لە ئەزموونی پەروەردەیی نافەرمی.

٤- بەکارهێنانی قوتابی بۆ زانیاری، شارەزایی و ئاڕاستەی بەدەستهاتوو لە بارودۆخی نوێدا.

٥- متمانەی قوتابی بە تواناکانی بۆ مامەڵەکردنی سەرکەوتووانە لەگەڵ ژینگەی پەروەردەیی دەوروبەری .(أبو الحاج و المصالحة، ٢٠١٦،ل.٣٤)

**سێیەم: ستراتیژیەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە)**

یەکێکە لە باشترین ستراتیژیەکان بۆ قوتابییانی ناوەندی و هەروەها دەتوانرێت لە پۆلدا بەکار بهێنرێت کە لە کۆمەڵەی دوولایەنە یان کۆمەڵەیی بچووک پێک دێت و لە قۆناغی ڕوونکردنەوە و جێبەجێکردن یان لە ڕۆژ ژمێری کۆتایی بەکار بهێنرێت و بۆ هەموو قوتابییان دەگونجێت بەتایبەتی ئەو قوتابییانەی کە ئارەزوویان لە خۆفێربوون و تێگەیشتن لە زانیاری هەیە و لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی وەڵام و بیروڕا و گفتوگۆ لەنێوان هەر دوو قوتابی هەر پۆلێك و ڕێککەوتن لەگەڵیدا دادەنرێت تاڕادەیەک لە ستراتیژیەکانی (بیربکەوە، جووت بکە، بەشداربە) و (بخوێنەوە، بەشداربە، گفتوگۆبکە) دەچن(العكيدي، ٢٠٢٤), سەرەتای ئەم ستراتیژیەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دکتۆر سپێنسەر کاگان کە لە ٨ ی ئازاری ١٩٤٤ لە کالیفۆرنیا لەدایک بووە، لە ئامادەیی بێڤەرلی هیلز خوێندویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە بێرکلی بەدەستهێناوە و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە دەروونناسی کلینیکی لە لۆس ئەنجلس بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٧٣ دکتۆرای یاسای لە زانکۆی بێرکلی وەرگرتووە. ئەو زمانەکانی ئینگلیزی، ئیسپانی و ئەڵمانی ڕەوانی دەزانی، وەکو دەروونناسێکی کلینیکی و پرۆفیسۆری دەروونناسی و پەروەردە لە زانکۆی کالیفۆرنیا وانەی وتۆتەوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٨،

بڵاوكراوەكان و پەرەپێدانی پیشەیی كاگانی دامەزراند و لە زیاتر لە سێ وڵات وتار و وۆركشۆپی پێشكەش كردووە، و ستراتیژیەتی فێربوونی (كاگان)ی دامەزراند و(هەستە، دەست بەرزكەرەوە، بەشداربە) یەكێك لە ستراتیژیەكانی كاگان .

**گرنگی ستراتیژییەتی(هەستە، دەست بەرزكەرەوە، بەشداربە):**

شكاندنی ڕۆتینی قوتابییان و دووركەوتنەوە لە بێزاری و وروژاندنی جۆش و خرۆش لەدڵی قوتابییاندا بیركردنەوەی زیاتر لەنێو قوتابییاندا بۆ گەیشتن بەچارەسەركردنی كێشەكان و گیانی هەماهەنگی نێوان قوتابییان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی مامۆستا لەكاتی بێزاری لە قوتابییاندا ئاراستەی دەكات وبۆ ئەوەی قوتابییەكان بگەنە ناوەرۆكی وانەكە. ( أمبو سعيدي والحوسنية، ٢٠١٦،ل.٤٢٤)

**هەنگاوەكانی ستراتیژییەتی(هەستە، دەست بەرزكەرەوە، بەشداربە)**

١- كاتێك مامۆستا هەست دەكات قوتابییان بێزارن، پرسیارێك لەسەر تەختە دەنووسێت.

٢- مامۆستا داوا لە قوتابیان دەكات سەرنج بدەن و پاشان بە دەنگی بەرز دەڵێت (هەستە، دەست بەرزبكەرەوە، بەشداربە) .( أمبو سعيدي والحوسنية، ٢٠١٦،ل.٤٢٤)

٣- دوای ئەوەی قوتابی هاوپۆلەكەی دەبینێت چەپڵە لێدەدەن (تەنها دەست لێدان) و پاشان دەستیان دادەبەزێنن

٤. چالاكیەكە بە نۆرە هاوبەش دەكەن و گفتوگۆی لەسەر دەكەن.

٥ – مامۆستا یەكێك لە قوتابییەكان هەڵدەبژێرێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار یان كێشەكە بە پاڵپشتی هاوپۆلەكەی.(الشمري، ٢٠١١،ل.٤٤)

**ڕێگایەكی تر بۆ جێبەجێكردنی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزكەرەوە، بەشداربە)**

مامۆستا دەتوانێت ئەم ستراتیژییەتە بە نووسین جێبەجێ بكات بە نووسینی وەڵامی هەر قوتابییەك لەسەر كارتێك و پاشان بەرزكردنەوەی كارتەكەی و دەست لێدان لە كارتی هاوپۆلەكەی تر و ئاڵوگۆڕكردنی كارتەكان و ڕێككەوتن لەسەر وەڵامی ڕاست (ابراهيم, ٢٠١٩،ل.٥١٠)

**ئامانجەكانی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزكەرەوە، بەشداربە)**

١- شكاندنی ڕۆتینی قوتابییان.

٢- ڕاكێشانی سەرنجی قوتابییان و دوورخستنەوەیان لە بێزاری .

٣- خۆشی و پەرۆشی بۆ وانەكە زیاد دەكات.

٤- پەرەپێدانی تواناكانی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕا لە نێوان قوتابییاندا.

٥. پەرەپێدانی تواناكانی خوێندنەوە و گفتوگۆ.

٦- پەرەپێدانی تواناكانی خێرایی لە دەستكەوت، فێربوون و پێداچوونەوە.

٧- قوتابییان بەرپرسیارێتی و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان دەگرنە ئەستۆ. ( أمبو سعيدي والحوسنية، ٢٠١٦،ل.٤٢٤)

**ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە)**

١. مامۆستا قوتابییەکان دابەش دەکات بۆ چەند گروپێک، یان بە دابەش نەکراوی بەجێیان دەهێڵێت بەجۆرێك کە قوتابییەکی تر هەبێت کە هاوبەشی فێربوونەکە بکات.

٢- مامۆستا لە پۆلدا چالاکی یان پرسیارەکە بە دەنگێکی ڕوون و بیستراو دەپرسێت و یاساکانی ستراتیژییەتەکە بەبیری قوتابییان دەهێنێتەوە کە کاتێک گوێیان لە پرسیارەکە دەبێت هەریەکە دەستی ڕاستی بەرز دەکاتەوە و دەست لە دەستی خوێندکارێکی تر دەدات بۆ ئەوەی پێکەوە یەکبگرن لە ئاڵوگۆڕی بیروڕا و زانیاریدا لەپێناو وەڵامدانەوەی پرسیار یان ئەو چالاکیەی کە خراوەتە ڕوو.

٣- مامۆستا کاتێک دیاری دەکات (یەک خولەک)، کارەکە تەواو دەکات، و داوا لە یەکێک لە قوتابییەکان دەکات وەڵامی ئەو پرسیارە یان چالاکییەکە بداتەوە کە دوای ئەوەی لەگەڵ هاوکارەکەی ڕێککەوتوون.

٤- مامۆستا کاردانەوەی بۆ دووقوتابییەکە لەسەر وەڵامەکە دەدات، دوای ئەوە قوتابییەکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

٥- پاشان مامۆستا داوا لە یەکێک لە قوتابییەکان دەکات وەڵامی پرسیارێک بداتەوە و ئەویش بە یارمەتی هاوپۆلەکەی وەڵامەکە دەردەبرێت. (إبراهيم، ٢٠١٩،ل.٥١٠)

**ڕۆڵی قوتابی لە ستراتیژیەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە)**

١- هەموو قوتابییان ستراتیژییەتەکە جێبەجێ دەکەن.

٢- قوتابییان دەستیان بەرز دەکەنەوە، بەدوای هاوپۆلێکدا دەگەڕێن، چەپڵە لێدەدەن و دەستیان دادەگرن .

٣- گفتوگۆکە بە پرسیارکردن و بەراوردکردن دەربارەی وانەکە دەست پێدەکات.

٤ - دوای تەواوبوونی گفتوگۆکە هەر خوێندکارێک دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی .( أمبو سعيدي والحوسنية، ٢٠١٦،ل.٤٢٤)

زمان بەندە بەو نەتەوەیەی کە قسەیپێدەکات و هەڵگری شارستانیەتی ئەو نەتەوەیەیە، ژیان بەبێ زمان نابێت و پێشناکەوێت، بەهۆیەوە شارستانیەت دروست دەبێت زمانی کوردی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و لە هەموو زمانەکانی ناوچەکە جیهان جیادەکاتەوە، بەهۆی گەشەو گۆرانەوە زمانی کوردی گۆڕانی چاکی بەرەوپێشکەوتن و فراوانبوونی بەخۆیەوە دیوە و زۆرتر لە وشەی بێگانە پاکبۆتەوە . (شوانی ،٢٠٠١،ل.١٣- ١٤)

زمان یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕتییەکانی پێکهێنانی نەتەوە، چونکە زمان شوناس و ئامرازی لەیەکگەیشتن و گەیاندنی بیر وهزر و ناساندنی کەلتورو شارستانیەت مێژووی هەموو نەتەوەیەکە بۆیە نەتەوەی بێ زمان بونی نییە، هەموو نەتەوەیەکیش تەنها لە ڕێگەی زمانەوە باس لە شوناس و کەلتورو شارستانیەت و مێژووی خۆی دکات.(برزو، ئومێد بەرزان، ٢٠٢٠،ل.١٨)

**بەشی دووەم : تەوەری دووەم**

**یەکەم:- ئەوتوێژینەوانەی لەسەر ستراتیژیەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە)**

| ژ | ناو و ساڵ و شوێنی توێژینەوە | ناونیشانی توێژینەوە | قەبارەی نموونە و قوناغی خوێندن | ئامرازەکانی توێژینەوە | هۆیەکانی ئامارە بەکارهاتووەکان | ئەنجامی توێژینەوە | کاتی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ابراهيم (٢٠١٩) بەغداد عێراق | کاریگەریی ستراتیژیەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداریە) لەسەر کۆکردنەوە و هێشتنەوەی خوێندنی کۆمەڵایەتی لە نێو خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی | (٧٢)قوتابی لە قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی | دەستکەوت هێشتنەوە تاقیکردنەوەی زیرەکی زانیاری پێشوو | تاقیکردنەوەی تائی هاوکۆلکەی پیرسون چوارگۆشەی کا٢ بەکارهێنانی جانتای ئاماری (spss) | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) |
| ٢ | العكيدي (٢٠٢٤) بەغداد عێراق | کاریگەری بەکارهێنانی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداریە) لە دەستکەوت و بیرکردنەوەی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستدا | (٥٠) قوتابی لە قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی | دەستکەوت بیرکردنەوەی ڕامان تاقیکردنەوەی زیرەکی زانیاری پێشوو | تاقیکردنەوەی T هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسون بەکارهێنانی گوززەکان هاوکێشەی ئەلفا- کرومباخ ئامار (spss) | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی بەسەر کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو | ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) |

**دووەم: هاوسەنگی توێژینەوەکانی پێشوو لە گۆڕاوی ستراتیژیەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە):**

لە توێژینەوەکان پێشوو، دەرکەوت کە:

١- ئامانجی توێژینەوەکانی پێشوو بە مەبەستی زانینی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە): لە پەرەپێدانی دەستکەوتەکان لە قوناغە جیاوازەکاندا.

٢- دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە لە توێژینەوەکانی پێشوودا هاوشێوە بوو، واتە نمونەی توێژینەوەکە بەسەر دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دابەش کرا.

٣- توێژینەوەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئەنجامدراوە، وەک توێژینەوەکەی (ابراهیم، ٢٠١٩) لە بەغدا ڕەسافەی سێ و توێژینەوەکەی (العكيدي، ٢٠٢٤) لە بەغدا ڕەسافەی یەک، لە کاتێکدا توێژینەوەی ئێستا لە عێراق ولە ناوەندی پارێزگای کەرکوک ئەنجامدراوە.

٤- توێژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕاوەکانی ڕەگەز جیاواز بوون: توێژینەوەکە تەنها لەسەر توێژینەوەی کوڕان بوو، وەک توێژینەوەکەی (العكيدي، ٢٠٢٤) و توێژینەوەکانی تر، تەنها توێژینەوەیەک کەمامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزی مێینەدا کردووە توێژینەوەی (ابراهیم، ٢٠١٩)ە، لە کاتێکدا توێژینەوەکەی ئێستا تەنها لەسەر ڕەگەزی نێر بوو.

٥- توێژینەوەکان گرنگی بە جێبەجێکردنی ستراتیژێکی مۆدێرن دەدەن لە پەرەپێدانی دەستکەوتی ئەکادیمی لە قۆناغە جیاجیاکاندا: وەک توێژینەوەی (ابراهیم، ٢٠١٩) لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی و توێژینەوەی (العكيدي، ٢٠٢٤) لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، لە کاتێکدا توێژینەوەکەی ئێستا لەسەر پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی جێبەجێ کراوە.

٦ – ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو دووپاتیان کردەوە کە ستراتیژەکە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە دەستکەوتی خوێندن.

ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەگەڵ هەموو توێژینەوەکانی پێشوو هاوڕایە لەڕووی گۆڕاوی پشتبەست کە بریتییە لە دەستکەوت و هاوڕا نییە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لەجێبەجێکردنی قۆناغی فێرکردن و هاوشێوەی توێژینەوەکە (العكيدي,٢٠٢٤)ە لەجێبەجێکردنی گۆڕاوی نێرینەدا و هاوشێوەی هەموو توێژینەوەکانی پێشووە لەدابەشکردنی نموونەی توێژینەوەکە بەسەر دوو گروپدا

**سێیەم:- لایەنەکانی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

١- ڕێکخستنی باگراوندی تیۆری توێژینەوەکە.

٢- ئاسانکاری ئەرکی توێژەر لەهەڵبژاردنی سەرچاوەکان بۆ توێژینەوە.

٣- داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان.

٤- ئامادەکردنی پلانی فێرکردن.

٥- دیاریکردنی هۆیەکانی ئاماری گونجاو بۆ ئەم توێژینەوەیە.

٦- پشتگیریکردن لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**بەشی سێیەم**

**ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

لەم بەشەدا باس لە پێشکەشکردنی ڕێوشوێنەکان و ڕێبازی توێژینەوەکە دەکرێت کە توێژەر پەیڕەوی کردووە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە ڕووی دیاریکردنی دیزاینی ئەزموونی، وکۆمەڵگەی توێژینەوەکە، وهەڵبژاردنی نموونەکە و ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، ودیاریکردنی بابەتی زانستی، وداڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان و پلانەکانی وانەوتنەوە، و

ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە و دیاریکردنی ئامرازی ئاماری گونجاو بۆ شیکردنەوەی داتاکان، وبەم شێوەیەی خوارەوەش ڕوونکراوەتەوە.

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوەکە**

توێژەر ڕێبازی ئەزموونی پەیرەو کردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە چونکە ڕێبازێکی گونجاوە بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئەنجامەکان، مەبەست لە چەمکی ئەزموونی گۆڕانکاری شتێک و تیبینی کاریگەری ئەوگۆڕانەیە لە شتێکی تردا، و توێژینەوەی ئەزموونی لە جۆرەکانی تری توێژینەوە بەوە جیادەکرێتەوە کە توێژەر کار دەکات بۆ گۆڕانکارییەکی ئەنقەست لە بارودۆخەکەدا، و لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا و بەدوای دەرەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییە کەلە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت (عباس وأخرون, ٢٠٠٩،ل.٨٠)

**دووەم: دیزاینی ئەزموونی**

دیزاینی ئەزموونی وەک نەخشە و ڕێوشوێنێکی پراکتیکی پێناسە دەکرێت و گوزارشت لە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و فاکتەرەکانی دەوروبەری ئەو دیاردەیە دەکات کە ئێمە بە شێوازێکی دیاریکراو دەیخوێنینەوە و پاشان چاودێری ئەوە دەکەین کە چی ڕوودەدات (محمد, ٢٠٢١،ل.٤٧).

**خشتەی (١) ڕوونکردنەوەی دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشتبەست | ئامرازەکان |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژییەتی(هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) | دەستکەوت | تاقیکردنەوەی کۆتایی دەستکەوت |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕامان | گەشپێدانی بیرکردنەوەی ڕامان |

**سێیەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە**

هەموو تاک و کەسەکانن کە بابەتی کێشەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، کە هەموو توخمەکانی پەیوەست بە کێشەی توێژینەوەکەیە کە توێژەر دەیەوێت ئەنجامی توێژینەوەکە بلاوبکاتەوە (عودة و ملكاوي، ١٩٩٢،ل.٩٣)، خشتەی ژمارە(٢) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی(٢) ژمارەی قوتابیانی کۆمەڵەی توێژینەوە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)ڕوون دەکاتەوە**

**چوارەم: هاوتابوونی دووکۆمەڵەی نموونەی توێژینەوەکە:**

| کۆمەڵە | پۆل و هۆبە | ژمارەی ئەندامانی نموونەکە | ژمارەی قوتابیانی دوورخراو | ژمارەی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | هەشتەم/ ئ | ٢٤ | - | ٤٩ |
| کۆنترۆڵکراو | هەشتەم/ ب | ٢٥ | - | |

توێژەر هاوتابوون لەنێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) ئەنجامدا لەو گۆڕاوانەی کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئەنجامی ئەزموونەکە هەبێت، هەرچەندە قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە زۆربەیان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هاوشێوە بوون، و لە یەک قوتابخانە دەخوێنن و لە هەمان ڕەگەزن، و ئەم گۆڕاوانەش بریتین لە:

١–تەمەنی قوتابییان هەژمارکراو بە مانگ،وەك ئەوەی ڕوونکراوەتەوە.

٢– دەستکەوتی خوێندنی باوکان، وەك ئەوەی ڕوونکراوەتەوە.

٣– دەستکەوتی خوێندنی دایکان، وەك ئەوەی ڕوونکراوەتەوە.

٤– دەستکەوتی پێشو لە بابەتی ڕێزمانی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٣– ٢٠٢٤) ڕوونکراوەتەوە.

٥– تاقیکردنەوەی زیرەکی (ڕاڤن) وەك ئەوەی ڕوونکراوەتەوە.

٦– بیرکردنەوەی ڕامان، وەك ئەوەی ڕوونکراوەتەوە.

**١– تەمەنی قوتابییان هەژمارکراو بە مانگ**

توێژەر بەرواری لەدایکبوونی قوتابییانی لە تۆماری قوتابییان لە لایەن کارگێری قوتابخانەکەوە بە دەست هێنا و جگە لە دابەشکردنی فۆرمی داتا بەسەر قوتابییان کە لە لایەن توێژەرەوە دابەش کرابوو بۆ زیادکردنی درووستی پاشکۆی (٥) و دوای تۆمارکردنی داتای پێویست بۆ تەمەنیان بەپێی (ڕۆژ و مانگ و ساڵ) و پێداچوونەوە بۆ ئەنجامی پرۆسەی ئاماری کرا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t– test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ تێکڕای تەمەنی قوتابییان دەرکەوت تێکڕای ناوەندی تەمەنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) خوێندویانە خشتەی ژمارە(٣) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی (٣)هاوتابوونی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە لە تەمەنی هەژمارکراوبەمانگ پیشاندەدات**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونەکە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | جیاوازی | بەهای تائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ١٧٤.٣٨ | ٦.٦٤٥١ | ٤٤.١٥٧٦ | ٠.٠٩ | ٢.٠١١ | ٤٧ | جیاوازی ماناداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ١٧٤.٢ | ٦.٨١٢٩ | ٤٦.٤١٦٦ | | | | |

**٢– دەستکەوتی خوێندنی باوکان**

توێژەر هاوتابوون ئاماری لە دەستکەوتی خوێندنی باوکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئەنجامداوە و بۆ زانینی گرنگی جیاوازی نێوان تێکڕای دەستکەوتی خوێندن باوکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە هاوکێشەی چوارگۆشەی کای (کا٢) بەکارهێناوە خشتەی ژمارە(٤) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی (٤)هاوتابوونی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە دەستکەوتی خوێندنی باوکان**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونە | ئاستی دەستکەوت خوێندن | | | | بەهای (کا٢) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی وکەمتر | ناوەندی | ئامادەیی یان پەیمانگا | بەکالۆریۆس و زیاتر | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ٧ | ٣ | ٥ | ٩ | ٠.٨٧٣٣ | ٥.٩٩١ | ٢ | جیاوازی ماناداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٥ | ٣ | ٧ | ١٠ | | | | |

## ٣- دەستکەوتی خوێندنی دایکان

توێژەرکە هاوتابونی ئاماری لە دەستکەوتی خوێندنی دایکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە ئەنجام داوە و بۆ زانینی گرنگی جیاوازی نێوان تێکرای دە ستکەوتی خوێندنی دایکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە توێژەر هاوکێشی کای دووجای (کا٢)ی بەکارهێنا خشتەی ژمارە(٥) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی(٥) هاوتابونی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە دەستکەوتی خوێندنی دایکان**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونە | ئاستی دەستکەوت خوێندن | | | | بەهای (کا٢) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرەتایی وکەمتر | ناوەندی | ئامادەیی یان پەیمانگا | بەکالۆریۆس و زیاتر | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ١٠ | ٤ | ٤ | ٦ | ٠.٧٤٧٦ | ٥.٩٩١ | ٢ | جیاوازی ماناداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٨ | ٥ | ٧ | ٥ | | | | |

## ٤- نمرەکانی ساڵی پێشوو لە بابەتی ڕێزمانی کوردی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤)

توێژەر نمرەی قوتابییانی دوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەی لە ماددەی ڕێزمانی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤) لە هاوتابونی هەردوو کۆمەڵەکە لە تۆماری قوتابخانەکە پەسەند کرد وەک ئەوەی هاتووە و بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ و بۆ زانینی گرنگی جیاوازییەکە تێکرای نمرەی قوتابییانی دەرکەوت تێکرای ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) خشتەی ژمارە(٦) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی(٦) هاوتابونی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە نمرەی ساڵی پێشویان لە بابەتی زمانی کوردی**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونەکە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | جیاوازی | بەهای تائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ٧٥.٣٣٣ | ١٠.١٨ | ١٠٣.٦٢ | -٠.٤١ | ٢.٠١١ | ٤٧ | جیاوازی ماناداری نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٧٦.٥٦ | ١٠.٨٣٦ | ١١٧.٤٢ | | | | |

**٥- ئاستی زیرەکی**

هاوتابوون لە نێوان هەردوو کۆمەڵە توێژینەوەکە ئەنجامدرا لە ڕووی ئاستی زیرەکی بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (ڕاڤن) بۆ ماتریسەکان و گونجاوەکان لە جێبەجێکردنی لە ژینگە جیاوازەکان و کەلتووری جیاوازدا، کە یەکێکە لە تاقیکردنەوەکانی عەقڵی لەسەر بنەمای مۆدێلی فاکتەرەکان کە تیۆری سپێرمان پێشنیاری کردووە، کە زانا (جۆن ڕاڤن) سی ساڵی لەتەمەنی تەرخانکرد لە ئامادەکردن و پەرەپێدانی وبەیەکێک لە تاقیکردنەوەکانی ستاندارد لە ژینگەی عێراقیدا دادەنرێت خشتەی ژمارە(٧) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی(٧) هاوتابوونی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن(Raven) ڕوون دەکاتەوە.**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونەکە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | جیاوازی | بەهای تائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزمونی | ٢٤ | ٣١.٥٤٢ | ١١.٦٠٢ | ١٣٤.٦٠٦ | ٠.٥٩٤٣ | ٢.٠١١ | ٤٧ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٢٩.٨٤ | ٨.٢١٩٣ | ٦٧.٥٥٦٦ | | | | |

**٦- تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ بیرکردنەوەی ڕامان**

پێش دەستپێکردنی ئەزموونەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕامانی بەسەر قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێ کرد بۆ زانینی ڕادەی هاوتابوونی نێوانیان و تاقیکردنەوەکە لە شێوەی (٣٠) برگەدا لە جۆری هەڵبژاردن بوو، و پاشان توێژەر چارەسەری ئاماری داتاکانی کردووە، ئەمەش بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (t-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی ئاماری بۆ زانینی جیاوازی ئاماری نێوان نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا تێکرای نمرەی قوتابییان دەرکەوت تێکرای ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) خشتەی ژمارە(٨) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی(٨) هاوتابوونی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی ڕامان**

| کۆمەڵە | ژمارەی ئەندامانی نموونەکە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | جیاوازی | بەهای تائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ١٥.٩١٧ | ٣.٠٣٤٨ | ٩.٢١٠١ | -٠.٤٠ | ٢.٠١١ | ٤٧ | جیاوازی مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ١٦.٢٤ | ٢.٦٦٥٨ | ٧.١٠٦٦ | | | | |

**پێنجەم: کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان**

تویژەر چەندە زیاتر بتوانێت کاریگەری خۆی جیابکاتەوە و جێگیری دەستنیشانی بکات ئەوا کۆنترۆڵی راستگۆیی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و جێگیرکردنی و توانای لێکدانەوەیان بەدەست دەهێنێت، و پرۆسەی رێکخستنی گۆڕاوەکانی دەرەوە یەکێکە لە رێوشوێنە گرنگەکانی توێژینەوەی ئەزموونی بۆ دابینکردنی راستگۆیی ناوخۆیی دیزاینی ئەزموونی، و گەڕاندنەوەی جیاوازی گۆڕاوی پشتبەست بە گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکە و کەمکردنەوەی جیاوازی هەڵە و رێکخستنی (العفون وجليل, ٢٠١٣،ل.١٨٠) هەرچەندە توێژەر لێکۆڵینەوەی لە هاوتابوونی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە هەندێک گۆڕاودا کردووە، کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر درووستی ئەنجامەکان هەبێت بەڵام هەوڵی داوە لە کاریگەریی هەندێک گۆڕاوی دەرەکی لە ماوەی ئەزموونەکەدا دووربخاتەوە، و ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو گۆڕاوانە و رێکخستنیان خشتەی ژمارە(٩) روونی دەکاتەوە.

**بەشە وانەی هەفتەیەک بۆ هەر کۆمەڵەیەک وەک ئەوەی لە خشتەی (٩) دا پیشاندراوە**

| کۆمەڵە | ڕۆژ | وانە |
|---|---|---|
| ئەزموونی | دووشەممە | دووەم ١:١٠ |
| | چوارشەممە | سێیەم ٩:٣٠ |
| کۆنترۆڵکراو | دووشەممە | سێیەم ٢:٠٠ |
| | چوارشەممە | چوارەم ٢٠:١٠ |

**حەوتەم: دارشتنی ئامانجە رەفتارییەکان: -**

دەرەنجامەکانی مەبەستی فێربوون، واتە (ئامانجە رەفتارییەکان)بە یەکێك لە گرنگترین بەهرە بنچینەییەکان دادەنرێت کە یارمەتی مامۆستا دەدات لە ئەنجامدانی کارەکەیدا، بەپێی پێویست، چونکە ئەو رێوشوێنانەن کە پێویستیان بە مامۆستایان هەیە وانەکانیان لەبەر رۆشنایی ئەو کارانە جێبەجێ بکەن (الساعدي, ٢٠٢٠،ل.٩٥)

**هەشتەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە پێویستی بە درووستکردنی دوو ئامراز هەیە کە یەکێکیان تاقیکردنەوەی دەستکەوتە بۆ پێوانەکردنی دەستکەوت لە بابەتی رێزمانی کوردیدا و ئەوی تریان پێوانەی بیرکردنەوەی رامانە و توێژەر ئەم دوو ئامرازەی بەم شێوەیەی خوارەوە ئامادە کردووە.

**یەکەم: تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

**١-ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندییەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

خشتەی تایبەتمەندی یەکێکە لەو پێداویستیانەی کە مەبەستی تاقیکردنەوەکە بەدەست دەهێنێت، چونکە تاقیکردنەوەیەکی باش لەسەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی بنیاتنراوە کە بواری

پێوانەکراو لەلایەن تاقیکردنەوەکەوە دیاری دەکات بۆ ئەوەی وەک نموونەیەکی نوێنەرێ بۆ دەرئەنجامەکانی فێربوون (ابو زينة, ٢٠١٠،ل.٣٥٣).

**دووەم: پێوەری تاقیکردنەوەی ڕامان:-**

توێژینەوەکە پێویستی بە پێوەری بیرکردنەوەی ڕامان هەیە بۆ قوتابییان، وبە چاوپێکەوتنی توێژەر بە ژمارەیەک پێوەری بیرکردنەوەی ڕامانی ناوخۆیی و عەرەبی و بیانی و بە وەرگرتنی ڕای شارەزایان ،بڕیاریدا بە وەرگرتنی پێوەری بیرکردنەوەی ڕامانی لاینزك وولسون ( Eysenck& Wilson Reflective ness Scale) پێکدێت لە (٣٠) برگە ( Eysenck& Wilson, 1976: 109) و پشتیپیبەسترا لەلایان (برکات, ٢٠٠٥) و(الشكعة,٢٠٠٧) و لە عێراق توێژینەوەی (السلمان, ٢٠٢١) و (الهاشمي, ٢٠١٦) و (صاحب, ٢٠٢٠) کە وەریانگێڕاوە بۆ عەرەبی و جێبەجێیان کردووە بەسەر نموونە و قۆناغێکی خوێندنی هاوشێوەی نموونە و قۆناغی توێژینەوەی ئێستا و ڕێوشوێنی ڕاستگۆیی و جێگیرییان بۆ دۆزیوەتەوە.

**نۆیەم:- ئامرازە ئامارییەکان**

ئەنجامەکانی زۆربەی ئامرازە ئامارییەکان کە لە سەرەوە باسکران دۆزرانەوە، بە بەکارهێنانی کیتی ئاماری (spss) (sas) و بەرنامەی (Microsoft Office Excel, 2010).

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان**

ئەم بەشە بریتییە لە پێشکەشکردنی وردی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە دوای شیکردنەوەی داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری بەدەستی هێناوە و ئەو دەرئەنجامانەی کە لە لێکدانەوەی ئەو توێژینەوەیە هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان**

**١- ئەنجامەکانی پەیوەست بە تاقیکردنەوەی دەستکەوت : -**

**١- ئەنجامەکانی پەیوەست بە یەکەم گریمانە:-**

گریمانەی سفری یەکەم دەڵێت (هیچ جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەدار (٠.٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە ڕێزمانی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) دەخوێنن و تێکڕای نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت دەخوێنن بە ڕێگایی ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت کە بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئامادە کراوە).

**خشتەی(١٠)ناوەند ژمێری، و جیاوازی، و دوو بەهای T (ژمێردراو و خشتەیی) و گرنگی ئاماری جیاوازی نێوان تێکڕای نمرەکانی قوتابییانی دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنتڕۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

| کۆمەڵەی | ژمارەی نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | جیاوازی | بەهای تائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| التجريبية | ٢٤ | ٢٥.٥٨٣ | ٣.١٣٣ | ٩.٨١٨٨ | ٤.١٤١١ | ٢.٠١١ | ٤٧ | مانادارە |
| الظابطة | ٢٥ | ٢١.٥٢ | ٣.٦٩٨ | ١٣.٦٧٦٦ | | | | |

## ٢- ئەنجامەکانی پەیوەست بە دووەم گریمانە :

گریمانەی سفری دووەم دەڵێت: (هیچ جیاوازییەکی ئاماژەپێکراوی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان تێکڕای نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە وانەی ڕێزمانی کوردیان بە پێی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزبکەرەوە، بەشداربە) دەخوێنن و تێکڕای نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەیی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاساییی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕامان بۆ پێداویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**خشتەی(١١)ناوەند ژمێری، و جیاوازی، و دوو بەهای T (ژمێردراو و خشتەیی) و گرنگی ئاماری جیاوازی نێوان تێکڕای نمرەکانی قوتابیانی دوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنتڕۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی ڕاماندا**

| کۆمەڵەی | ژمارەی نموونە | ناوەند ژمێری | لادانی پێوەری | جیاوازی | بەهای تائی | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری ٠،٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٤ | ٢٠.٤٥ | ٣.٤٥١٣ | ١١.٩١١٢ | ٣.٦٢ | ٢.٠١١ | ٤٧ | مانادارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ١٧.٤٤ | ٢.٢٩٢٧ | ٥.٢٥٦٦٦ | | | | |

## دووەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان:-

### ا. شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەست بە گریمانەی یەکەم:

ئەو ئەنجامانەی لە خشتەی (١٧) دا نیشان دراوە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابیاینی کۆمەڵەی ئەزموونی کە ڕێزمانی کوردی بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) و ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی لە گۆڕاوی دەستکەوتی.

### ب. شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەست بە گریمانەی دووەم:-

ئەو ئەنجامانەی لە خشتەی (٢٠) دا نیشان دراوە ئەوە دەردەخەن کە جیاوازییەکی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە ڕێزمانی کوردییان خوێندووە بە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) و ناوەندی نمرەکانی

قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی ڕامانیاندا و بە سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی.

**سێیەم: دەرەنجامەکان**

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەرەکە ئەنجامی ئەمانەی بەدەست هێنا:

١ – کاریگەری ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) لەبەرزکردنەوەی دەستکەوتەکانی ڕێزمانی کوردی.

٢- کاریگەری ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) لەدرووستکردنی بیرکردنەوەیەکی پۆزەتیڤ بەرامبەر بابەتی ڕێزمانی کوردی.

**چوارەم: ڕاسپاردەکان**

١ – سوود وەرگرتن لە خوێندنی ئێستا لەپەرەپێدانی بابەتەکانی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە).

٢- هاندانی مامۆستایان بۆ بەکارهێنانی ستراتیژییەتی نوێ کە ئاستی قوتابییان لە ڕووی زانستەوە بەرز دەکاتەوە وەک ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە).

**پێنجەم: پێشنیازەکان**

لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پێشنیاری ئەمانەی خوارەوە دەکات:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە سەبارەت بە ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) لەسەر جۆرێکی تری گۆڕاوەکان، لەوانە (متمانە بەخۆبوون، بیرکردنەوەی داهێنەرانە) .

٢- بەراوردکردن لە نێوان وانەوتنەوە بەپێی ستراتیژییەتی (هەستە، دەست بەرزکەرەوە، بەشداربە) لەگەڵ وانەوتنەوە لەگەڵ ستراتیژیەکانی تر.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**


زاخویی، ئیبراهیم ڕەمەزان. (٢٠٠٨). ***ڕێزمانا کوردی***. چاپخانەی خانی.

جوامێر، مەحەمەد یەحیا عەلی میر. (٢٠٢٤). ***کاریگەری ستراتیژییەتی خووەکانی مێشک لەسەر دەستکەوت و ئاراستەی خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بەرەو بابەتی ڕێزمانی کوردی*** [ماستەرنامەی بڵاو نەکراو]. زانکۆی بەغداد .خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا. (٢٠١٣). ***ڕێزمانی کوردی*** چ.٥. چاپخانەی هێڤی.

شوانی، ڕەفیق. (٢٠٠١). ***چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی*** چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری.

برزو، ئومێد بەرزان. (٢٠٢٠). ***توێژینەوە زمانەوانییەکان***. چاپخانەی جنگل.


**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

احمد، بيمان جلال. (٢٠١٣). ***اثر نموذج رينزولي (R.D.I.M) في الكتابة الإبداعية والتفكير التأملي عند الطالبات الصف الخامس الإعدادي للمتميزات***[اطروحة دكتورا غير منشور].جامعة بغداد.

البجة، عبد الفتاح حسن. (٢٠٠٠). ***اصول تدريس اللغة العربية بين النظرية و الممارسة.*** دار الفكر للنشر والتوزيع, عمان , الاردن

سلمان، جمال داود. (٢٠٠٩). ***اقتصاد المعرفة***. دار اليازوري للنشر والتوزيع.

صالح، علي عبدالرحيم. (٢٠١٤). ***المعجم العربي لتحديد المصطلحات النفسية***. دار الحامد للنشر والتوزيع.

عبيد، كوثر جاسم. (٢٠٢٠). اثر استراتيجيتي ورقة الدقيقة الواحدة وجكسو المطورة في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية و التفكير الاستدلالي عند طلبة كلية التربية ابن رشد [بحث منشور]. ***مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية***، م. ج.***٥٩*** ،(٤)، ٢٨٣- ٣٠٢.

الشمري، ماشي بن محمد. (٢٠١١). ***١٠١ استراتيجية في تعلم النشط***. وزارة التربية والتعليم أمبو سعيدي، عبدالله بن خميس و الحوسنية، هدى بنت علي. (٢٠١٦). ***إستراتيجيات التعلم النشط*** ط.٢. دار المسيرة للنشر والتوزيع.

بقلي، ضي عبد الحسين مكي و عبكة، حسنين صادق صالح. (٢٠١٧). ***التفكير الابداعي (الابتكاري) والتحصيل الدراسي***. دار الرضوان للنشر والتوزيع.

حسين، نغم على. (٢٠٢١). فاعلية استراتيجية الرؤوس المرقمة معا في التحصيل وتنمية الدافعية لدى طلبة الجامعة [بحث منشور]. ***مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية***، م. ج.٦٠، (١) ١١٧- ١٤٤.

البيضاني، مهند حسن. (٢٠٢١). اثر استراتيجية التفكير بالمقلوب في تحصيل مادة التاريخ و الاحتفاظ بها لدى طلاب الصف الرابع الادبي [ بحث منشور]. ***مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية***، م. ج.٦٠ ،(١) .

زيتون، حسن حسين و زيتون، كمال عبد الحميد. (٢٠٠٣). ***التعلم والتدريس من منظور النظرية البنائية***. عالم الكتب للطباعة والنشر.

زيتون، كمال. (٢٠٠٢). ***تدريس العلوم للفهم رؤية بنائية***، عالم الكتب.

رضا، نادية علي. (٢٠٢١).***اثر استراتيجية البطاقات المروحية في اكتساب المفاهيم العلمية في مادة مبادة العلوم لدى تلاميذ الصف الثاني الابتدائي*** [رسالة ماجستير غير منشورة]. جامعة بغداد.

عطية، محسن علي. (٢٠١٨). ***التعلم النشط استراتيجيات وأساليب حديثة في التدريس***، دار الشروق.

أبو الحاج، سها أحمد، والمصالحة، حسن خليل. (٢٠١٦). ***استراتيجيات التعلم النشط أنشطة تطبيقات عملية***. مركز ديبونو لتعليم التفكير.

أبراهيم، مجيد حميد. (٢٠١٩). ***اثر استراتيجية قف ارفع يدك شارك في تحصيل مادة الاجتماعيات واستبقائها لدى تلميذات الصف السادس الابتدائي*** [رسالة ماجستير منشورة. جامعة المستنصرية ] **مجلة كلية التربية**، ع٤ .

عباس، محمد خليل و أخرون. (٢٠٠٩). ***مدخل الى مناهج البحث في التربية وعلم النفس*** ط٢. دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

محمد، صفا سالم. (٢٠٢١). اثر استراتيجية (خذ واحدة و اعط واحدة) في تحصيل طلبة الاقسام غير الاختصاص في كليات التربية الاساسية في مادة العربية العامة [ بحث منشور]. ***مجلة الاستاذ للعلوم الانسانية والاجتماعية***، م. ج.٦٠ (١) ٣٩- ٦٣.

عودة، احمد سلمان و ملكاوي، فتحي حسن. (١٩٩٢). ***اساسيات البحث العلمي في التربية و العلوم الانسانية*** ط.٢. مكتبة الكناني.

العفون، نادية حسين، جليل، وسن ماهر. ( ٢٠١٣). ***التعلم المعرفي واستراتيجيات معالجة المعلومات***. دار المناهج للنشر والتوزيع.

الساعدي، حسن حيال محيسن. (٢٠٢٠). ***المعلم الفعال واستراتيجيات ونماذج تدريسه*** ط.٢. مكتب الشروق للطباعة والنشر.

ابو زينة، فريد كامل. (٢٠١٠). ***تطوير مناهج الرياضيات المدرسية وتعليمها***. دار وائل للنشر والتوزيع.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی.**

Donald R. Paulson and Jennifer , (2013) L. Faust. Active Learning for the College College Classroom